# فرمێسکی کارۆخ

لەژێر گزنگی خۆری ئێوارێدا دوو پەنجەی شەرمن چاوێکی ماندووی سڕی و
قەڵەمێکیش هەواڵەکانی کۆدەکردەوە،
تابنووسێ ئەمڕۆ بالیسان و ئالانە و بۆتێ و
تەواوی بەردەکانیش ژەهرخواردووکران.

بەهارە، بەهارێکی پر ئەسرین،
بەهارێکی کوژراو وەک ژنێکی سەرکێش.

لەم دەمی ئێوارێیەدا، داربەڕوو پرژەکانی خۆی ڕایەڵکردووە و
شیعری قەڵەم و وێنەی بالای بیری ئێوەی تیا دەهۆنێتەوە.
خاسەکەوەکان قاسپەقاسپ شایی دەوری هێلانەدەگێڕن.

مانگی گوڵان سەری داخستبوو ڕۆژە خەمناکەکانی دەبژارد؟ دوورتر دەڕوانێ و
سەیری ئەشکەوتێکی کرد، وا پەڕەی کتێب و لولە تفەنگ لەگەڵ یەک دەدوان.
بەهار سەرمەستی شادی
چاوە سەوزەکانی دەترووکێنێ و دەڕوانێتە دامێنی کێوەکان و سەرحیسابی گوڵ دەبوەوە،

قەڵەم دێودەچێ تاڕوونتر بنووسێ،
ئەوە تا لێرە "بۆتێ"، پەیکەرانێک لە ناو دڵی شەقارشەقارتا خەوتوون،
ئەوانە بناسە و لەگەڵیان بدووێ،
هەموو وەک هەڵەسوونی مێرگی درووا و چوار پەلی تیشکی خۆری ناو بەفرو
کزەی فێنکی ساباتی جاڕە دروێنەن.

ئالەوکاتە، لە ناو بوومەلێڵەی ژەهر و باررووتا پۆلێک دەنگ قڕ کرا.
لەئامێزی تۆش "تۆتێ"ڕیزە کێلی گوڵ لە سەر سیسەوەبوو،
قەدوو فیشەکدانیان داناوە و
گوێیان داوتە وشەی قەڵەم!!

ئێوە هەواڵی نوێن "ڕێگا" بەخێراتننتان دەکات،
مورەکەبی قەڵەمەکەی "دکتور جەعفەرە"وشەی ئاخندراوی تووشەبەرەی سەفەرتانە.
پۆلێک ژن و پیاو، وەک پوورەی لە هەنگ هەڵبڕاو ڕادەبوورن.

ڕادەبوورن وەک کزەی خاتوو زمهەریر، زەنگال خۆڵاوی هەنگاو دەنێن و
پێ لە سەر ناوچاوانی"ڕێگایەک"دادەنێن،
شەقڵی پێیان وێنەیەکی تر دەنوێنێ و وشەی دەمیان مانایەکی تر.

بەهارە، بەهارێکی چاو بەئسرین،
شەماڵی ئێرە ژەهری پێ کەو دەکرێ!!
بەهاری ئێرە نەمامی پێدەکوژن و گۆڕی بەکۆمەڵی لە باوەش دەنێن!!
هەواڵینە، ئێوە تین بوون و سەهۆڵ لە بەرپێتانا توایەوە،
مەشخەڵ بوون لە ناو گێژی زریانا گڕان و
لەگەڵ درەختی قەزوانا مردن.

پۆلێک ژن و پیاو لە دامێنی دۆڵێک، لە ڕووی چەند دیواری تێکچڕژاوی چۆڵا دابەزین؟!
داروو پنچک تۆزی بارووتیان لە خۆ تەکاند و
بە سەرو قژی هەڵپروزاوەوە؟ باوەشیان بۆ گرتنەوە،
میوان چاویان گێڕاو؟ کەس دیار نەبوو، سڵاویان کرد؟
" کارۆخ" وەڵامی دایەوە.

دار پنچکی لانسارەکە خولقیان کردن بۆ ژێر نسێی روخساری سووتاویان.
کۆترو چۆلەکە کەوتنە پچەپچ کردن،"ئەمانە کێن؟ لە کوێ لە دایک بوون"؟
"گولان" کوتی: مەترسن و مەپرسن لە خۆمانن،
منداڵی دایکی وڵاتی ژیان بە ئاسن پەستۆکراون!!؟
هۆ کانی سنگ و بەرۆک بەدینامیت هەڵتەکاو،
هەستەو چاو بکەوە، تەوەژم بێنەوە بەرخۆت،
هەستەو زمزمەی روونی گەرووت لە بەردەمیان دانێ،
ئاخر دایکیان بە ئێمەیان سپاردوون لە باوەشیان گرین!!

خۆر ئامێزی لە ئاسۆداوەو قەڵەمی"سوهەیلی" هەواڵی دەنووسێ
و
دوو تەیری کاروانی کۆچکردووی "شۆکێ" دەگەڕێنەوە و
"عەبدوڵاهوشیاریان" لە باوەش دەگرت.

ئاسمان مات؟
باڵای "کارۆخیش" کاڵ دەنوێنێ.
دەستە دەستە لە دەوری یەک کۆبوونەوە.
"ناسیح" سروودێکی دەکوتەوە،
"زۆهرە"و "فەرەنگیس"و "مریەم"بۆیان دەسەندەوە

لەپڕ دەنگێ هاواری کرد"بەرەو دیواری مژی ژەهر مەچن!!
با سەر کەوین بەرەوو بەرزایی بڕۆین؟
هەموو وەک کاتی هەڵمەتی ناو سەنگەرو
لە ڕوویی گوللەدا یەکیان جێ نەهێشت؟ ئاخر دەستی ئەوکاتە
تین بوو
لە دەمی سەرە مەرگا هاوڕێ بوو.

هەواڵینە وێنەی ئێوە باڵای دارە سنەوبەرە و
نمەباران بۆ زەوی توونی.
بەدەستی ئانقەست و بۆ تۆڵە،
بۆ تەسلیم نەبوونتان بە بەڵێنی شەرم، ژەهریان بەگژا کردن!!

"کارۆخ" گریاو فرمێسکی ڕژا سەر پێڵوی چاوانی!!

به دەنگی بەرز هاواری کرد:  نانا هەموو نامرین هەڵ دەستینەوە.
کێلە شکاوەکانی "تاڵە سوار"تەقە تەق یەکیان گرت و بەرز وەستانەوە.

"فوئادیش" بەزامی قەتماغە نەکردووەوە سەری هەڵبڕی،
دەستی بە شانی کێلە شکاوەکەیەوە گرت.
لەسەرچیای "ئاسنگەران و بالای"ئاسۆسەوە"
چاوی بڕیە چاوی"کاڕۆخ"و هاتەوە دووان بۆ شۆڕشی سوور"
بمان کوژن تەواو نابین و هەل دەستینەوە،
دەستی یەک دەگرین جارێکی تر بە گژیاندا دەچینەوە".

بەهارە بەهارێکی چاو بەئەسرین نەرم ڕادەبرێ.
بەهارە کۆڕی دۆستان ڕادەبوورن، ڕادەبوورن.
دە تۆخوا چەم  وشک مەبە و  کارۆخ وەرەز مەبە و  بۆتێ کۆچ مەکەوە،
وا هەناسەی ماندووی جێماوم هەر میوانتانە.

بەهاری  ١٣٨٥  سوئد ئەحمەد بەهرامی"تورجان".